**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٨٧٣ لە ٢٠٢٠/١/٢٨**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**تایبەت بە دەرماڵەی شاند و سەفەر بۆ ناوەوە**

ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی دەرماڵە ژمارە(٢)ی لە ٢٠١٩/١١/١٠ ، بۆ خەرج کردنی شایستە داراییەکانی فەرمانبەران لە کاتی شاند و سەفەری ناوەوەی پەیڕەوی ئەم ڕێنماییە دەکرێت کە سەرجەم فەرمانبەرانی راژەی شارستانی و سەربازیش دەگرێتەوە-:

**یەکەم: پۆلینەکان :-**

**پۆلینی یەکەم:** وەزیرە و ئەوانەی لەو پلەیەدان گروپی (A)

**پۆلینی دووەم:** بریکاری وەزارەت و خاوەن پلە تایبەتییەکان گروپی (B)

**پۆلینی سێیەم:** فەرمانبەران و هێزی ئاسایشی ناوخۆ پلەی(یەکەم و دووەم و سێیەم ) دەگرێتەوە بەپێی پلەکانی سیستەمی نوێی مووچە.

**پۆلینی چوارەم:** فەرمانبەران و هێزی ئاسایشی ناوخۆ پلەی (چوارەم و بەرەوخوارەوە) دەگرێتەوە بەپێی پلەکانی سیستەمی نوێی مووچە.

**دووەم: کرێی گواستنەوە :-**

**پۆلینی یەکەم:** گەنجینە هەموو خەرجییەکانی دەگرێتە ئەستۆ پشت بەست بەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش دەکرێن.

**پۆلینی دووەم:** کرێی ئۆتۆمبێلێکی تەواو بۆ چوون و گەرانەوە.

**پۆلینی سێیەم:** کرێی سێ کورسی ئۆتۆمبێل بۆ چوون و گەرانەوە.

**پۆلینی چوارەم:** کرێی دوو کورسی ئۆتۆمبێل بۆ چوون و گەڕانەوە بۆ پلەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم لەگەڵ نەقیب و ئەفسەرەکان و یەك کورسی بۆ پلەکانی خوارتر.

**سێیەم :**

**١- دەرماڵەی نیشتەجێ بوون :-**

**بۆ پۆلینی یەکەم:** گەنجینە هەموو خەرجییەکانی دەگرێتە ئەستۆ پشت بەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش دەکرێن.

**بۆ پۆلینی دووەم:** تا بڕی (١٢٠٠٠٠) سەد و بیست هەزار دینار بۆیان خەرج دەکرێت بەپێی پسووله.

**بۆ پۆلینی سێیەم:** تا بڕی (٧٥٠٠٠) حەفتا و پێنج هەزار دینار بۆیان خەرج دەکرێت بە پێی پسووله.

**بۆ پۆلینی چوارەم:** تا بڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆیان خەرج دەکرێت بە پێی پسووله.

**٢- دەرماڵەی خواردن و گیرفان :-**

**بۆ پۆلینی یەکەم:** گەنجینە هەموو خەرجییەکانی دەگرێتە ئەستۆ پشت بەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش دەکرێن.

**بۆ پۆلێنی دووەم:** خواردن بەپێی پسوولە + (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار گیرفان.

**بۆ پۆلینی سێیەم:** خواردن بە بڕی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار بڕاوە بەبێ پسوولە + بڕی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار گیرفان.

**بۆ پۆلینی چوارەم:** خواردن بەبێ پسوولە و بە بڕی (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار بڕاوە + بڕی (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار گیرفان.

**چوارەم: ڕێسا گشتییەکان :-**

١- دەبێ فەرمانی وەزاری یان کارگێری پێش وەخت دەربچێ بۆ ئەو ئیفاد کردنە و جۆری کارەکەی تێدا دیاری بکرێ و واژووی ئەو فەرمانگەی لە سەر بێت کە شاندەکەی بۆ دەکات و جگە لەو حاڵەتانەی لە ناکاو دروست دەبێت و واژووی ئەو فەرمانگەیەی لەسەر بێت کە شاندی بۆ دەکات.

٢- دەبێ رۆژانی ئیفاد کردنەکە پێش وەخت دیاری بکرێ کە بۆ چەند رۆژ ئیفاد کراوە جگە لەو حاڵەتانەی ناکرێت دیاری بکرێت.

٣- ئەو فەرمانبەرەی کە ئیفاد دەکرێ بۆ کارێکی پێویست هەر هەمان رۆژیش دەگەرێتەوە دەبێ تەنها دەرماڵەی گیرفان و خواردنی بۆ خەرج بکرێ کە لە خاڵی (٢)ی بڕگەی سێ یەم هاتووە لەگەڵ کرێی ئۆتۆمبێل بۆ دووسەر ، بەڵام ئەگەر ئۆتۆمبێلی میری بەکار هێنا ئەوا کرێی ئۆتۆمبێلی بۆ خەرج ناکرێ.

٤- ئەوانەی کە ئیفاد دەکرێن تاکو دووری (٦٠)کم لە سنووری کارکردنی خۆیان (لە هەمان رۆژ بگەڕێتەوە یان نەگەڕێتەوە) تەنها نیوەی دەرماڵەی خواردن و گیرفانیان بۆ خەرج دەکرێت.

٥- ئەو فەرمانبەرەی کە ئیفاد دەکرێ بۆی هەیە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێ و هەمان کرێی کە لە سەرەوە هاتووە بۆی خەرج بکرێت.

٦- بۆ فەرمانبەرانی پۆلینەکانی (یەکەم و دووەم)ی خاڵی (یەکەم)ی سەرەوە کە ئۆتۆمبێلی میرییان لە ئەستۆدایە , نابێت ئۆتۆمبێلی تایبەتی بەکار بهێنن و بە پێچەوانەوە کرێی گواستنەوەیان بۆ خەرج ناکرێت.

٧- بۆ فەرمانبەرانی پۆلینەکانی (سێ یەم و چوارەم)ی خاڵی (یەکەم)ی سەرەوە کە ئۆتۆمبێلی میرییان لە ئەستۆدایە و خەرجییەکانیان لە ئەستۆی خۆیاندایە لە حاڵەتی شاندکردنیان و بەکارهێنانی ئەم ئۆتۆمبێلانە خەرجی گواستنەوەیان بۆ خەرج دەکرێت بە پێی خاڵی (دووەم).

٨- ئەو فەرمانبەرانەی کە ئۆتۆمبێلی میری تایبەت بە خزمەتگوزاری گشتی بەکار دێنن لە کاتی شاند و سەفەریان کرێ ی گواستنەوەیان بۆ خەرج ناکرێت.

٩- ئەگەر ئەو کەسەی کە ئیفاد دەکرێ لەگەڵ خۆیدا پێداویستی و شتی میری ی بگوازێتەوە پارەی گواستنەوەی بۆ خەرج دەکرێت.

١٠- دەبێ لەسەر نێردراو (الموفد) گشت لیستەکانی تایبەت بە خەرج کردنی دەرماڵە پێشکەش بکات لە ماوەی(٣٠) رۆژ لە بەرواری دەست بەکاربوونی لەکارەکەی و رێژەی(٢٥%) لەو کرێیانە کەم دەکرێتەوە ئەگەر دواکەوت لە پێشکەش کردنیان تا ماوەی (٦٠) رۆژ و هەروەها کەمکردنەوەی رێژەی(٥٠%) لە بڕی لیست کە پێشکەشی دەکات دوای ماوەی (٦٠) رۆژ ، ئەگەر لە دوای سێ مانگ پێشکەش کرا و هۆی رەوای لەگەڵدا نەبێت خەرج ناکرێت بەڵام وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە رەزامەندی بدات لە سەر خەرج کردنی ئەگەر پاساوی یاسایی هەبێت.

١١- بۆ ئەوانەش کە بەشداری دەکەن لە خول یان هەر کارێکی تر بۆ ماوەیەکی درێژ تاکو ماوەی (١٠) رۆژ بەپێی ئەم رێنماییە شایستە داراییەکانیان بۆ هەژمار بکرێت و بۆ زیاتر لەم ماوەیە پێویستە رەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگیرێت بۆ ئەم مەبەستە.

١٢- بۆ خەرج کردنی کرێی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو شوێنانەی کە دوورن (النائیە)و ئوتێلی تێدا نیە شایستە داراییەکانیان بۆ خەرج دەکرێت بەپێی پسوولەیان و بە رێژەی(٥٠%) دەرماڵەی نیشتەجێ بوونیان بۆ خەرج دەکرێت.

١٣- لە کاتی شاندکردنی فەرمانبەر لە هەر پۆلینێك بێت لەگەڵ پۆلینی سەرووی خۆی هەمان شایستە داراییەکان لە خواردن و نیشتەجێ بوون بۆی خەرج دەکرێت وەکو ئەو بەرپرسەی کە لەگەڵی شاند دەکرێت.

١٤- لە کاتی شاندکردنی فەرمانبەری گرێبەست بەپێی پۆلینی چوارەم شایستە داراییەکانی بۆ خەرج دەکرێت.

١٥- کار بە هیچ رێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت تایبەت بەم بابەتە.

١٦- کار بەم رێنماییە دەکرێت لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/١.

١٧- بۆ هەر پرسیار و روونکردنەوەیەك نووسراوتان ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەندی رێنماییەکان بکرێت.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**